ویکیپیدیا
ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد

# بە خێر بێیت بۆ ویکیپیدیا

ئەو ئینسایکڵۆپیدیا ئازادەی کە هەموو کەسێک دەتوانێت دەستکاریی بکات.

هەنووکە ٨٢٬٩٩٠ وتار بە کوردیی ناوەندی (سۆرانی) هەن.

پێڕستی وتارەکان • ڕێکخستنەکان

هونەر • چاند • تەکنۆلۆژیا • زانست • جوگرافیا • مۆسیقا • مێژوو • ماتماتیک • وەرزش • ژیاننامە • کتێب • کۆمەڵگا

هەموو دەروازەکان

لەبارەی ویکیپیدیا • سیاسەت و ڕێساکان • فێرکاریی خێرا • فێرکاری بە وێنە • پرسیارە دووپاتکراوەکان • ڕێنماییی خێرا

١٦ی تەممووزی ٢٠٢٦ (زایینی)؛ بەرامبەر بە ٢٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ (کوردی)

## وتاری هەڵبژێردراوی هەفتە




**ناروتۆ** (بە ژاپۆنی: □□□) زنجیرە مانگایەکی ژاپۆنییە کە لەلایەن ماساشی کیشیمۆتۆوە نووسراوە و کاری وێنەکێشانی بۆ کراوە. چیرۆکەکە باس لە نینجایەکی هەرزەکار دەکات بە ناوی *ناروتۆ ئۆزۆماکی*، کە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕێز و دانپێدانانی هاوڕێکان و دانیشتوانی گوندەکەی دەدات. هەروەها خەون بەوەوە دەبینێت کە بەرزترین پلەوپایەی گوندەکەی بەدەستبێنێت کە ئەویش نازناوی هۆکاگێیە. چیرۆکەکە دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشدا، یەکەم کە باس لە ژیانی *ناروتۆ* دەکات لە تەمەنێکی تازەپێگەشتوودا، بەشی دووەمیش باس لە ژیانی دەکات لە تەمەنی هەرزەکاریدا. کیشیمۆتۆ چیرۆکەکەی لەسەر بنەمای مانگایەکی تری پێشووی خۆی داڕشتووە کە لە ساڵی ١٩٩٥دا بڵاوی کردووەتەوە و بەهۆیەوە ساڵی دواتر وەک ڕێزلێنانێک ناوی لە خەڵاتی هۆپستیپی مانگانەی شوئیشادا هاتووە.

گۆڤاری شۆنێن جەمپ لە ساڵی ١٩٩٩دا دەستی بە بڵاوکردنەوەی ناروتۆ کرد و هەفتانە بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠١٤. سەرتاپای چیرۆکەکە دابەش دەبێت بەسەر ٧٢ پەرتووکی جۆری تانکۆبۆن. لە ساڵی ٢٠٠٢ ستۆدیۆی پیرۆت بە هەماهەنگی لەگەڵ *ئانیپلێکس* هەستان بە بەرهەمهێنانی بەشی یەکەمی ئەنیمێی ناروتۆ کە ساڵی ٢٠٠٧ لە دوای ٢٢٠ ئەڵقە کۆتایی پێهات؛ لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٩ دۆبلاژی زمانی ئینگلیزی لەلایەن کارتوون نێتۆرکەوە بۆ کراوە. دووەم ئەنیمێ و تەواوکەری بەشی یەکەم بە ناوی 'ناروتۆ: شیپوودین'ەوە لە ٢٠٠٧ پەخشی لە ژاپۆن دەستی پێکرد و دوای ٥٠٠ ئەڵقە لە ساڵی ٢٠١٧ کۆتای هات. دۆبلاژی ئینگلیزی بۆ شیپوودین لەلایەن *دیزنی ئێکس* دییەوە لە ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١١ پەخشکرا، بەڵام کارتوون نێتۆرک لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤دا دووبارە مافی بڵاوکردنەوەی وەرگرتەوە و لە بەشی توونامی (ئەدۆڵت سویم) دا پەخشی کرد. ستۆدیۆ پیرۆت یازدە فیلم و یازدە ئۆ ڤی ئەی (OVA) بۆ زنجیرە مانگای ناروتۆ بەرهەمهێناوە. کەلوپەلی تایبەت بە ناروتۆ وەک کارتی گەمەکردن، یاری ڤیدیۆیی و کورتە ڕۆمان لەلایەن کۆمپانیایەکەوە دروستکراون.

ڤیز میدیا لە ئەمریکای باکوور مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی ئەنیمێ و مانگای ناروتۆی بەدەستە. ئەنیمێیەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە و لە شانشینی یەکگرتوو ٢٠٠٦ و لە ئوسترالیا ٢٠٠٧. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەلایەن ناوەندی زوهرەوە ١٣٠ زنجیرەی سەرەتای بەشی یەکەم دۆبلاژکران بۆ زمانی عەرەبی و لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی سپەیستوون و سپەیسپاوەر پەخشکرا تا ساڵی ٢٠١٢ کە شەڕی ناوخۆیی

سووریا و قەیرانی دارایی بوو بە هۆکاری ڕاگرتنی. چیرۆکی ناروتۆ ئۆزۆماکی بەهۆی کورەکەیەوە بۆروتۆ ئۆزوماکی بەردەوامە لەڕێگەی مانگای بۆروتۆ:ناروتۆ نێکست جێنەرەیشن، کە تێیدا بۆروتۆ دەیەوێت ڕێگەی بە نینجابوونی تایبەت بە خۆی بگرێتەبەر و لەژێر سێبەری باوکی نەبێت. (**تەواوی وتار...**)

وتاری هەڵبژێردراو چییە؟ • ئەرشیف • وتاری پێشوو

## لە هەواڵەکاندا


کەیکۆ فووجیمۆری لە ٢٠٢٦

- ٩ی تەمموز – **ئاگرکەوتنەوەیەک** لە لۆس گایاردۆس لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیا بووە هۆی کۆچرانی سێزدە کەس.
- ٣ی تەمموز – کەیکۆ فووجیمۆری *(لە وێنەکەدا)* وەک سەرۆک کۆماری پێروو **هەڵبژێردرا**.
- ٢٤ی حوزەیران – **دوو بوومەلەرزە** لە ڤێنیزوێلا ڕوویاندا و بوونە هۆی گیانلەدەستدانی زیاتر لە ١،٧٠٠ کەس و بێسەروشوێنبوونی دەیان هەزار کەسی تر.
- ١٢ی حوزەیران – ئیلۆن مەسک دوای ئەوەی کۆمپانیاکەی سپەیس ئێکس گەورەترین پێشکەشکردنی سەرەتاییی پشکەکانی ئەنجام دا، بووە یەکەمین ترلیۆنێر لە جیهاندا و **سامانەکەی** یەک ترلیۆن دۆلاری ئەمریکیی تێپەڕاند.
- ١١ی حوزەیران – **جامی جیهانیی فیفا** بە یاریی نێوان هەڵبژاردەکانی تۆپی پێی مەکسیک و ئەفریقای باشوور لە کۆمەڵەی یەکەمدا دەستی پێکرد.

**بەردەوامە**: جامی جیهانیی فیفا • شەڕی ئێران (شەڕی لوبنان) • ململانێی سوودان • هێرشی ڕووسیا بۆ ئوکراینا
**دوایین مردنەکان**: لیندسی گراهام • تۆم لیگۆن • ڕۆنی شێڵ • دەیڤید هاکنی • هەڵکەوت عەزیز • ئەنتۆنی گویدێرا

پەڕەی سەرەکی • ئەرشیف...

## ئەمڕۆ لە مێژوودا...

- ١٨٦٥ – پەیکەری ئازادی لە فەڕەنساوە گەیشتە شاری نیویۆرکی ویلایەتە یەکگرتووەکان.
- ١٩٢٥ – یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق ئەنجامدرا.
- ١٩٧٩ – ئەحمەد حەسەن بەکر لە پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق دەستی لە کار کێشایەوە و سەددام حوسێن بوو بە سەرۆک کۆمار.

١٦ی تەممووزی ٢٠٢٦ (زایینی)؛ بەرامبەر بە ٢٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦ (کوردی)

دوێنێ→ | ئەرشیف | سبەینێ←

## ئایا زانیوتە...

- ... کە ئەشکەوتی زیتا لە **حومس** کۆنترین ئەشکەوتی جیهانە کە مێژوویەکی زیاتر لە ٧٠ ملیۆن ساڵی هەیە؟

## ناساندنی ویکیپیدیا

**ویکیپیدیا** ئینسایکڵۆپیدیایەکی ئازادی ئینتەرنێتییە کە بە دەستی بەشداربووانی خۆبەخشەوە لە سەرانسەری جیهاندا پێک دێت. سەیرکردن، لەبەرگرتنەوە و بەکارهێنانەوەی ناوەرۆکی ویکیپیدیا ئازادە. ویکیپیدیا دەستەی نووسەران یان چاودێرانی تایبەتی نییە و هەموو کەس لەسەر ئینتەرنێت دەتوانێت دەستکاری و چاودێریی وتارەکانی بکات. لەم ویکیپیدیایە کە بە شێوەزاری ناوەندی (سۆرانی) لە زمانی کوردی (Central Kurdish

Branch) دەنووسرێت، کە لە ٢٠٠٩ەوە لە ویکیپیدیای کورمانجی لەبەر چەند کێشەی تەکنیکی و زمانەوانییەوە جیا بووەتەوە و ئێستا ٨٢٬٩٩٠ وتار و ١٩٩ بەشداربووی چالاکی هەیە.

ویکیپیدیای کورمانجی • ویکیپیدیای زازاکی

## بەشداری لە ویکیپیدیا

**ویکیپیدیای کوردی** شوێنێکە بۆ پەرەپێدان و ناساندنی زمان و چاندی کوردی، و بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەبارەی زانستە سروشتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان بە زمانی کوردی لە یەک جێگەدا. بەشداریی هەموو کەسێک ڕاستەوخۆ دەخرێتە ویکیپیدیای کوردی و پێویستی بە پەسەندکردنی کەس نییە. بۆ بەشداریکردن لە ویکیپیدیای کوردی پاش ئاشنابوون لەگەڵ ویکیپیدیا سەرەتا دەبێت بتوانیت کوردی بەباشی بنووسیت و بەباشی تایپی بکەیت. خولی فێرکاری ببینە و لە پەڕەی خۆڵەپەتانێ ئەوەی فێر دەبیت تاقیی بکەوە. ویکیپیدیا ژمارەیەکی زۆر وتاری هەیە بەڵام بۆ هەر بابەتێک دەبێت تەنیا یەک وتار هەبێت. بە دەستکاریکردن و چاککردنەوەی هەڵەکانی وتارەکان ببە بەکارهێنەرێکی چالاک و پاشان بە جادووگەری وتارەکان خۆت لە سەرەتاوە وتار بنووسە. پرسیارەکانت لە پرسگا بنووسە تا بەکارهێنەرانی شارەزا وەڵامت بدەنەوە.

پەڕەکانی ڕێنوێنی • فێرکاری بە وێنە • پرسیارە دووپاتکراوەکان

## کۆمەڵگای ویکیپیدیا

تا ئێستا ٧٦٬٤٩٧ هەژمار لە ویکیپیدیای کوردیی سۆرانی دروستکراون کە ١٩٩ بەکارهێنەریان لە سی ڕۆژی ڕابردوو بەشدارییان هەبووە. هەموو بەکارهێنەرێک لێرە خۆبەخشانە بەشداری دەکات و تەنیا لە سیاسەتەکان پەیڕەوی دەکرێ نەک لە هیچ تاکە کەسێک. بۆ باشترکردنی وتارەکان بەکارهێنەران هەردەم قسەوباس و خاڵەکانی خۆیان لە پەڕەکانی وتووێژی تایبەتدا دەردەبڕن. ویکیپیدیای کوردی پێشوازی لە بیروڕاکان و وتووێژەکانی هەموو بەکارهێنەرێک دەکات سەبارەت بە هەموو بەشەکانی.

دەروازەی بەکارهێنەران • دیوەخان

## دەتەوێت وتارێک بنووسیت؟

هەنووکە لە ویکیپیدیای کوردیی ناوەندیدا **٨٢٬٩٩٠** وتار هەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو وتارەی دەتەوێت بینووسیت ئەگەری هەبوونی هەیە. پەڕەی گەڕان بەکار بهێنە بۆ ئەوەی بزانیت کە ئەو وتارەی دەتەوێت بینووسیت هەیە لە ویکیپیدیا یان نا، لەوانەیە لەژێر ناوێکی تر هەبێت. ئەگەر وتارەکە هەبوو ئەوا پێویست ناکات پەڕەیەکی نوێ دروست بکەیتەوە لەبارەی هەمان بابەتەوە، چونکە دەسڕدرێتەوە؛ بەڵام ئازادیت لە چاکسازیکردن لەو وتارە هەرچۆنێک بێت. ئەگەریش نەبوو، ناوی وتاری خوازراو لەم سندووقەی خوارەوە بنووسە و دروستی بکە. بیرت نەچێت کە بە ئاگاییەوە دوای ڕێنماییەکان بکەویت و سیاسەتەکان لەسەر نووسینی وتار و شێوازەکانی بخوێنیتەوە. وتاری بێبایەخ دەسڕدرێتەوە.

**وتارێک دروست بکە** (https://ckb.wikipedia.org/wiki/ویکیپیدیا:جادووگەری_وتارەکان)

جادووگەری وتارەکان

## وێنەی هەڵبژێردراوی هەفتە



شارۆچکەی سەدەکانی ناوینی بێلکاستێل لە ئاڤێرۆنی فەڕەنسا، کە وەک یەکێک لە «جوانترین گوندەکانی فەڕەنسا» دەستنیشان کراوە.

## بەشەکانی تری ویکیپیدیا

- **مێزی زانیاری:** بۆ پرسیار لە بەکارهێنەرانی دیکە سەبارەت بە بابەتە جۆراوجۆرەکانی زانست و زانیاری
- **پرسگا:** بۆ پرسیار سەبارەت بە بەکارهێنانی ویکیپیدیا
- **دەروازەی کۆمەڵگا:** بۆ ڕاگەیاندنی پرۆژەکان، چاوانەکان و ڕاپرسییەکانی ویکیپیدیا
- **دیوەخان:** بۆ وتووێژ لەسەر کێشە تەکنیکییەکان، سیاسەتەکان و چالاکییەکانی ویکیپیدیا
- **هەواڵەکانی ماڵپەڕ:** بۆ تۆمارکردنی مێژووی گۆڕانکارییە سەرەکییەکان و ناونیشانی بڵاوکراوە دەرەکییەکان سەبارت بە ویکیپیدیا
- **داخوازی بەرامبەری کوردی**: بۆ داواکردنی واتای وشەکانی زمانەکانی تر بە کوردی

## پرۆژە خوشکەکانی ویکیپیدیا

ویکیپیدیا لەلایەن دەستکاریکەرانی خۆبەخشەوە نووسراوە و لەلایەن دامەزراوەی ویکیمیدیا ڕاژە کراوە، کە دامەزراوەیەکی قازانج نەویستە و پرۆژەگەلێکی تری خۆبەخشانەش ڕاژە دەکات وەک:

**کۆمنز**
خەزێنەی ئازادی میدیا

**میدیاویکی**
پەرەپێدانی نەرمامێری ویکی

**مێتاویکی**
ڕێکخستنی پرۆژەکانی ویکیمیدیا

**ویکیکتێب**
کتێبی خوێندن و ڕێنماییینامەی ئازاد

**ویکیدراوە**
بنکەی زانیاریی ئازاد

**ویکیفانکشنز**
پێڕستی فانکشنەکانی کۆمپیوتەر

**ویکیوتە**
کۆکەرەوەی وتەکان

**ویکیجۆر**
تۆماری جۆری ئاژەڵەکان

**ویکیگەشت**
ڕێنوێنی گەشتی ئازاد

**ویکیسەرچاوە**
کتێبخانەی ناوەڕۆک ئازاد

**ویکیزانکۆ**
سەرچاوەی ئازادی فێربوون

**ویکیفەرهەنگ**
فەرهەنگ و زاراوەنامە

پێرستی ویکیپیدیاکان • ئامارەکانی ویکیپیدیای کوردی •

وەرگیراو لە «https://ckb.wikipedia.org/w/index.php?title=دەستپێک&oldid=1544564»